
# ململانێ لەنێوان فەیسبووک و گوگڵ گەرمتر دەبێ




گوگڵ بەکردەوە دەیەوێ ببێتە گەورەترین کۆمپانیای جیهانی دیجیتالی، چەند مانگ لەمەوبەر گوگڵ تۆڕی کۆمەڵایەتی Google+ی بەمەبەستی رکابەری لەگەڵ فەیسبووك دانا، ئەم تۆڕە بێگومان لەسەرەتادا دەبێت لەفەیسبووك پێشکەوتووتر بێت، چونکە هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە لەفەیسبووکدا هەست پێدەکرێت گوگڵ لە google+نەیهێشتوون. جگە لەوە هەموو خزمەتگوزارییەکانی خۆی پێکەوە پێوەند داوە. فەیسبووك جگە لەتۆڕی کۆمەڵایەتی هیچی دیکەی نییە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە فەیسبووك شکست بخوات، هەربۆیە سەرەتای ئەم هەفتەیە فەیسبووك گۆڕانکاری لەبەشێك لەتۆڕەکەی دا پێکهێنا، گۆڕانکارییەکانیش ئەمانەن: گۆڕانکارییەکە لەبەشی هاوڕێیان، و هاوڕێ تازەکاندا و بەشی سەرەوەی شریتی فەیسبووکدا پێکهاتووە.

لەمەوبەدوا بۆچوونی هاوڕێیان بەشێوەی ئۆنلاین لەلاپەڕەی دەستپێکی فەیسبووکدا دەبیندرێ. لەبەشی لای راستی سەرەوە لەشوێن وشەی Profile ناو و وێنەی خۆت دادەندرێ. لەپەنا فەرمانی Home فەرمانێکی دیکە بۆ رێکخستنی ئەکاونتەکەت دەبیندرێ، بەڵام کۆمپانیای گوگڵیش هەر لەسەرەتای هەفتەی رابردوو google+ بۆ هەموو کەسێکی ئازاد کرد ئێستا دەتوانن ئەکاونتێك بۆخۆتان بکەنەوە.

## بچووکترین کامێرای جیهان بەتوانای 2 میگا پیکسل

ئەوەی کە لەم وێنەیەدا دەیبینن وێنەیەکی دەستکاری کراو بەپرۆگرامی فۆتۆشۆپ نییە، بگرە ئامرازی گەمەی منداڵانیش نییە، ئەوەیە بچووکترین کامێرای جیهانە کە توانای وێنەگرتنی بەکوالیتی 2 میگاپیکسل هەیە، کامێراکە دەتوانێ وێنەکان بەکوالیتی 1600 لە1200دا بگرێ، هەروەها توانای فیلم هەڵگرتنەوەی لە640 لە480 دا هەیە، ئەم کامێرا بچووکە لەکارتی میمۆری جۆری m-croSD بۆ خەزنکردنی فیلمەکان سوود وەردەگرێ، باتری کامێراکە هەتا نیو کاتژمێر دەخایەنێ. بەکێبڵی USB لەکۆمپیوتەر وزەی پێویست وەردەگرێ.





## هەتا دێت تەلەڤزیۆنەکان تەنکتر دەبنەوە

لەکاریکاتێرێکدا هاتووە کە لەدەیەی رابردوودا تەلەڤزیۆنەکان قەبارەیان زل و گەورە بوو، بەڵام مرۆڤەکان لاواز و رێکوپێك بوون، کەچی لەم دەیە بەدواوە تەلەڤزیۆنەکان هەتا دێ باریکتر دەبنەوە و مرۆڤەکانیش قەڵەوتر و زلتر..

کۆمپانیای LG کە یەکێکە لەداهێنەرانی تەکنۆلۆژیای نوێ بەکردەوە ئەوەی سەلماندووە کاتێك تەلەڤزیۆنی جۆری OLEDی بەرهەم هێنا، بەداهێنانی تەکنۆلۆژیای OLED دەکرێ بڵێین گیانێکی نوێ دەکەوێتە بەر تەلەڤزیۆن و ئیدی تەلەڤزیۆن هەر ئامێرێکی سەیرکردن و دەنگ و رەنگ گواستنەوە نابێت، تەلەڤزیۆن خاوەنی ئینتەرنێتی خۆی دەبێت، هۆشمەند دەبێت بەهەموو مانایەکەوە. نوێترین تەلەڤزیۆنی OLED LG کە تەواو سێ رەهەندیشە بارستاییەکەی تەنیا 2.79 ملمە. واتە تەنك وەك پەڕەی کاغەزێك. لەو سیستەمەدا شاشەی تەلەڤزیۆنەکە شەفافە و ئەودیوی تەلەڤزیۆنەکە بەروونی دەبیندرێت.



# ئەم کیبۆردەی پەنجەکانت ئازار نادات

تەختەی دوگمەکان کە بەزمانە زانستییەکەی کیبۆردی پێدەگوترێت، لەسەرەتای داهێنانیەوە تا ئەمڕۆکە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهاتووە، بەڵام هیچ لەم گۆڕانکارییانە نەبوونەتەهۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی نەبێتە مایەی ئازار بۆ پەنجەکان، بەڵام کیبۆردی جۆری سمارت فیش ئەو کیبۆردەیە کە دەکرێ پێی بڵێین هیچ بەکارهێنەکەی ماندوو ناکات و ئازار بۆ دەست و مەچەکی بەکارهێنەرەکەی ناگەیەنێت.

ئەوانەی کە ئەرکیان تایپ کردنە، دەزانن ماوەیەکی زۆر تایب کردن دەبێتە هۆی ماندوویەتی دەست و پەنجەکان تەنانەت جار هەبووە بەو هۆیەوە بەکارهێنەری کیبۆرد بۆ لای دکتۆری تایبەت چووە. هەرچەندە هەوڵی زۆریش دراوە بۆ داهێنانی کیبۆردێك کە ئەو گرفتەی نەبێت وەك کیبۆردێك کە بەویستی خۆت دوگمەکانی دابنێی، یان کیبۆردی لەمسی. بەهۆی ئەم کیبۆردەوە دەتوانی پەنجەکانتان لەسەر دۆشەکچەیەکی تایبەت دابنێی کە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئازاری پەنجەکان داندراوە.

## ماوس و کیبۆردی تایبەت بەیاری ئەلکترۆنی

ماوس و کیبۆرد دوو ئامرازی سەرەکی کۆمپیوتەرن و پێوەندی مرۆڤ و کۆمپیوتەر بەهۆی ئەوانەوەیە، کەچی ئەو ماوس و کیبۆردەی لەسەر کۆمپیوتەرە وەڵامدەرەوەی یاری ئەلکترۆنی نییە، چونکە بۆ یاری ئەلکترۆنی پێویستی بەماوس و کیبۆردی تایبەتە. کۆمپانیایەك لەم ماوەیەدا ماوس و کیبۆردێکی لەیزەری بەناوی K60 M60 بەرهەم هێناوە کە تایبەتە بەو یارییانەی کە شەڕە گوللەیان تێدایە. کیبۆردەکە جگە لەدوگمەکانی خۆی 20 دوگمەی تایبەتیشی لەگەڵدایە. کە ئیمکانی 100 کردار لەچرکەیەکدا دەڕەخسێنێ. ماوسەکەش بەو هەستەوەرە بەهێزەی کە هەیەتی دەکرێ پرۆگرامی بۆ دابندرێ.





## سپیکەرێکی بچووک، بەڵام کاراییەکی مەزن

سپیکەر واتە «بڵندگۆ» لەپەنا ئامرازە دیجیتالییەکان شوێن و پێگەی خۆی هەیە، ئامرازە دیجیتالییەکان چونکە قەوارەیان بچووکە، بۆیە وەڵامدەرەوەی ویستی بەکارهێنەرانیان بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگ نین، هەربۆیە سپیکەری تایبەت بەئامرازە دیجیتالییەکان بۆ ئەوانەی ئۆگری گوێگرتن لەمۆسیقان زۆر گرنگە. سپیکەری soundLink wireless کە زۆر لەمێژ نییە کەوتۆتە بازاڕەوە دەکرێت لەگەڵ گشت ئامرازەکانی دیجیتالی کە لەسیستەمی بلوتوس سوود وەردەگرن پێوەند بدرێت. تەنیا بەداگرتنی دوگمەیەك فایلەکانی مۆسیقی لەسەر مۆبیال و تەبلێتەکاندا بڵاو دەکاتەوە.

سپیکەرە بێ وایەرەکە زۆر خۆڕاگرە لەئاست زەربە، شێ و نم. تەنانەت خوڵ و خاشاکیش. بارستایی سپیکەرەکە تەنیا دوو ئینجە، شەحن دەبێتەوە بۆ هەر شەحنکردنیش هەتا سێ کاتژمێر دەتوانی سوودی لێوەربگری.



# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، من گرفتێکم لەبەشی ئیمێلی یاهوودا بۆ هاتۆتە پێش، نەك تەنیا من بگرە هەندێك لەهەڤاڵانیشم هەر تووشی ئەو گرفتەبوونە، گرفتەکەش ئەوەیە کە ئێمە لەچەندین گروپی ئینتەرنێتیدا ئەندامین، گروپە ئینتەرنێتییەکان بەبێ ئەوەی ئێمە بخوازین ئیمێلمان بۆ دەنێرن، ڕۆژی وا هەیە زیاتر لە150 ئیمێلم بۆ دێت، چ بکەم کە ئەو گروو-پە ئینتەرنێتیانە ئیمێلم بۆ بەڕێ نەکەن؟

خوێنەری بەڕێز بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە سەرەتا بچوو ئەم بەشە لەیاهوو http://groups.y-hoo.com پاش نووسینی یوزەرنەیم و پاسۆردەکەت بچۆ سەر ئەم بەشە my groups ئەو لینکە لەسەرەوە لەلای ڕاستە. دوای لێدانی ئەو فەرمانە لەسەر لینکی edit my groups کە کە بەشی سەرەوەی لاپەڕە لەلای چەپە، کلیك بکە. ئێستاکە ناوی ئەو گرووپانە دەبینی کە ئیمێلت بۆ بەڕێ دەکەن، هەر گرووپێك کە خوازیار نی ئیمێلێت بۆ بەڕێ بکەن نیشانەی سەحی لەسەر لێبدە. دەتوانی هەر بەیەکجاری لەگرووپەکە بچیە دەر، یان تەنیا ئیمێلەکانی ئەو گروپەت بۆ نەیەت ئەوکات فەرمانی NO emails لێبدە. دواتر لەکۆتایی لاپەڕەکەدا فەرمانی changes save لێبدە. ئیدی لەمەولا کێشەکەت چارەسەر دەبێت.

# دوو ئامێر بۆ ئـ



کۆمپانیای Logitech کە یەکێکە لەگەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامرازی لاوەکی دیجیتالی بەم دواییە دوو ئامێری خۆی بڵاوکردەوە کە بریتین لەهێدستێکی وایەرلەیس لەگەڵ ئامێرێکی Boombox.

هێدستێکە بێ وایەرە ئەوەش ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێ کە لەگەڵ ئەوەیدا گوێ لەمۆسیقا دەگری، دەکرێ وەڵامی پێوەندییەکانیش بدەیەوە. هێدستێکە بۆ هەموو ئەو مۆبایلانە دەگونجێت کە زیرەك و هۆشمەندن. هێدستێکە دەنگ بەکوالیتیەکی باشەوە بەشێوەی ستریۆ بڵاودەکاتەوە. جگەلەوەش هێدستێکە مایکێکی تایبەتی

# چوار کۆمپیوتەر بەیەک ماوس کۆنترۆڵ دەکرێت

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت پرۆگرامێکی بەناوی «ماوسێکی بێ سنوور» لەم ڕۆژانەدا بڵاوکردەوە. بەهۆی پرۆگرامەکەوە بەکارهێنەر دەتوانێ چوار کۆمپیوتەر بەتەنیا بەیەك ماوس کۆنترۆڵ بکات.

بەدانانی ئەو پرۆگرامە هەرکام لەکۆمپیوتەرەکان دەتوانن لەو ماوسەی کە بەیەکێك لەکۆمپیوتەرەکانەوە پێوەند دراوە سوود وەربگرن. پرۆگرامی «ماوسی بێ سنوور» نە تە نیا دەتوانێ سوود وەرگرتنی هاوکات لەچەندین کۆمپیوتەر لەیەك کاتدا بڕەخسێنێ، ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر بڕەخسێنێ کە بەتایبەتی ئیدارەکان کە سەرمێزەکە بەچەندین ماوس قەرەباڵغ نەکەن، ئەو ئەرکەش جێبەجێ دەکات کە فایلەکان بەخێراییەکی زۆرەوە لەکۆمپیوتەرێك بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە لەناو تۆڕێکی کۆمپیوتەریدا بگوازێتەوە. بەکارهێنەری پرۆگرامەکە دەتوانێت بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر پرۆگرامەکە لەسایتی مایکرۆسۆفت دابەزێنێ.



## ـــۆگرانی مۆسیقا



لەگەڵدایە کە دەنگە زیادییەکانی دەوروبەر کەم دەکاتەوە. هێدســـتێکە بەهۆی کارەباوە شەحن دەبێتەوە.


ئامێـری Boombox‌ــش لەگەڵ گشـت تەبلێت و مۆبایلە هۆشـــمەندەکان دەگونجێت و دەتوانێ بەبێ وایەر پێوەندییان لەگــەڵ دامەزرێنـــێ. تەنیـــا بەریموت کۆنترۆڵـــەوە فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، بەهۆیەوە بەکارهێنەران دەتوانن سپیکەرەکە لەهەر شـوێنێك کـــە نیازیانـــە دایبنێن و لەمەودای دە مەترییەوە بەســـوود وەرگرتن لەتەبلێت یان مۆبایل مۆسیقییەکەیان بڵاو بکەنەوە. ئەو ئامێرەش هەر بەهۆی کارەباوە شەحن دەبێتەوە.


## بێ گرفت پرۆگرامەکان بسڕەوە

گەلێك جاران ئـــەو پرۆگرامانەی کە لەســـەر کۆمپیوتەر دایاندەبەزێنێ دەبنە گرفتێك بـــۆ کەمکردنـــەوەی خێرایی کۆمپیوتەر و هەروەها شوێنێکی زۆریش لەهـــاردی کۆمپیوتەر داگیـــر دەکەن، ئەگەر دەشســـڕینەوە هێشتا شوێن پێی و ســـێبەری پرۆگرامەکان هەر دەمێنێ، بەواتایەکی دیکە بەتەواوی ناسڕدرێنەوە. گەلێـــك پرۆگـــرام هەن کـــە ئەرکیان ســـڕینەوەی پرۆگرامەکانە، یەکێك لەو پرۆگرامانـــەش پرۆگرامـــی Uni-stall toolـە، شێوازی سوود وەرگرتن لەپرۆگرامەکە زۆر ئاسانە، ئێوە بەئاسانی لەکەمترین کاتدا پرۆگرامی مەبەستتان بەبـــێ مانەوەی هیچ شـــوێنەوارێك لەپرۆگرامەکـــە بسڕنەوە.

هەندێك لەتواناکانی پرۆگرامەکە:

- بەخێرایی سێ بەرابەر لەپرۆگرامی خودی وینـــدۆز کە بۆ ئەو مەبەســـتە داندراوە، پرۆگرامەکان دەسڕێتەوە.
- سڕینەوەی پرۆگرامەکانی سیستەم و ئەو پرۆگرامانەی کە شاردراونەتەوە.
- ســـڕینەوەی ئەو پرۆگرامانەی کە لەگەڵ سیستەمی ویندۆز ئۆتۆماتیکی دەکرێنەوە.
- ســـڕینەوەی ئەو پرۆگرامانەی کە بەئاسانی لەویندۆزدا ناسڕدرێنەوە.




## پرۆگرامی Corel motion stu-dio 3D گیانێکی نوێ بە پرۆژەکانتان دەبەخشێ

ئەوانـــەی شـــارەزای بـــواری کاری گرافیکین دەزانـــن پرۆگرامی corel چ پرۆگرامێکـــی بەهێزە. لەم دواییانەدا کۆمپانیـــای corel ڤێرژنـــی نوێـــی corel motion studio 3D بەرهـــەم هێنا کـــە چەندیـــن ئێفێکتی سەرنجڕاکێشی تێدایە. بەهۆیەوە دەتوانی بەئاســـانترین شـــێوە پرۆژەکانتان بەجوڵە بخەن. تەنیا چەند کلیکێك بەسە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بتوانێ وێنـــەکان، دەقەکان، لەفیلمێکدا بەجوڵە بخات. بەهۆی ئەوەی کـــە پرۆگرامەکە لەگـــەڵ پرۆگرامی Video studio دەگونجێت دەتوانێ بەهەماهەنگی لەگەڵ پرۆگرامی ناوبراو جوانترین ئێفێکتی ســـێ ڕەهەندی بدەی بەپرۆژەکانتـــان. تواناکانی پرۆگرامەکە لەو چەند خاڵەدا کورت دەکەینەوە:

- جوڵەدارکردن بەشێوەی سێ ڕەهەندی بەمەبەستی دانان لەفیلمەکاندا.
- دەرخســـتنی فیلمەکە بەشێوەی سێ ڕەهەندی بەمەبەستی ئەوەی کە بەهۆی چاویلکەی ســـێ ڕەهەندییەوە ســـوودی لێوەربگیرێ.
- ئەو پەڕی کوالیتی بەرز.
- گونجاو لەگەڵ پرۆگرامی Vi-eo studio
- گونجان لەگەڵ چەندین فۆرماتی جۆراوجۆر.
- بەئاســـانی ســـوود وەرگرتـــن لەپرۆگرامەکـــە و چەندین تایبەتمەندی دیکە...